# Drafting the Constitution in the Kurdistan Region Between Opportunities and Challenges

Tahseen Wsu Abdullah[1], Bestoon Nuri Omar[2]
Department Of International Relation & Diplomacy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Iraqi Kurdistan

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2693KRS.11*

*Published:26/4/2026*

## *Abstract*

*The Kurdistan Region is legally recognized as a region under the new Iraqi Federal Constitution of 2005, giving it the right to have its own constitution. Several attempts have been made at the highest levels since 2005 to draft a constitution, but the Kurdistan Region has not yet been able to draft its own constitution, which has its own consequences. The primary objective of this study is to shed light on the steps, opportunities, and challenges involved in drafting a constitution for the Kurdistan Region. Within the framework of research theory related to the issue of the constitution, the efforts to write the constitution, the opportunities and challenges facing the writing of the constitution in the Kurdistan Region are presented. In presenting the content of the research, we adopted the descriptive-analytical approach, and the historical approach as a framework for the research methodology. Although the Kurdistan Region enjoyed political authority before 2003, it was not possible to draft a constitution due to the internal situation and political instability.*

***Keyword**: Constitution, Kurdistan Region, Drafting the Kurdistan Region Constitution, Opportunities and Challenges.*

# نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە نێوان دەرفەت و ئاڵنگاریەکاندا

م.ی. تەحسین وسو عەبدوللا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دبلۆماسی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق
TAHSEEN.WSU@SU.EDU.KRD

د.بێستون عمر نوری
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دیبلۆماسی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێرق
beastun.nuri@su.edu.krd

**پوختە**

هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە، بەگوێرەی دەستووری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٥، وەک هەرێمێک دانپێدانراوە، ماف دراوە بە هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ چەندین هەوڵدراوە لە سەر ئاستی باڵا بۆ نووسینەوەی دەستوور، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی، ئەمەش لێکەوتەی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە جەخت لە سەر هەنگاوەکان و دەرفەت و ئاڵنگاریەکانی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.

لەم ڕووەوە چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە پەیوەست بە بابەتی دەستوور، هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوور دەرفەت و ئاڵنگاریەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان خراونەتەڕوو. لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی شیکاری و خستنەڕووی ناوەڕۆک، میتۆدی مێژوویی وەک چوارچێوەی میتۆدۆلۆژی توێژینەوە پشتیپێبەستراوە. ئەگەرچی پێش قۆناغی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی بوو، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ناوخۆیی و ناسەقامگیری سیاسی، نەتوانرا دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان دابنرێت.

**وشە سەرەکیەکان: دەستوور، هەرێمی کوردستان، نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، دەرفەت و ئاڵنگاریەکان.**

## ١- پێشەکی:

هەر کۆمەڵگەیەک، وڵات و کیانێکی سیاسی پێویستی بە دەستووریکە، بۆئەوەی ئەو دەستوورە ببێتە یاسای باڵا سەرەکی لە کاتی ڕووتێکردنی گرفت و قەیرانەکان و دەستوور زامنی ڕێکخستنی سەرجەم پەیوەندیەکان دەکات لە کۆمەڵگەدا. بەو واتایەی دەستوور ڕۆحی پرۆسەی بە دامەزراوەیی بوون و ڕێکخستنی پەیوەندیەکان و فاکتەرەکانی سەقامگیری سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگەدا فەراهەمدەکات.

هەرێمی کوردستان لە دوای دروستبوونیەوە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە، تا ئێستا بەردەوام ڕووبەڕووی گرفت و قەیرانی جۆراوجۆر بۆتەوە، بەشێکی زۆر لە گرفتەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە نەبوونی دەستوور هەیە، لەبەرئەوەی لە کاتی بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێیەکان چاوگی یاسای باڵا نیە، کە ڕێگری لە ناکۆکیەکان بکات و سەرجەم لایەنەکان لە یەک چوارچێوەدا کۆبکاتەوە. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) لە عێراق، دەرفەتی باش هاتنەپێش بۆئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، بەڵام نەتوانرا ئەم دەرفەتانە لە بەرژەوندی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور سوودیان لێوربگیرێت. ئەگەرچی چەندجار دەستکراوە بە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان و پرۆژەش ئامادەکراوە، بەڵام پرۆسەکە بە نیوەچلی بەجێهێڵدراوە و تەواونەکراوە. بەشێکی سەرەکی هۆکاری تەواونەکردنی پرۆسەکەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسیە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی پارێزراو بێت و بتوانێت لەبەردەم ئاڵنکاریەکان بوەستێت پێویستی بە دەستووریکە، کە سەرجەم لایەنەکان لە کاتی بوونی ناکۆکی وەک مەرجەع بۆی بگەڕێنەوە. بەڵام پرۆسەی نووسینەوەی دەستووریش بەرەو ڕووی چەند ئاڵنگاریەکی سیاسی، کۆمەلایەتی و کولتووری دەبێتەوە، بەڵام ئەوەش واتای ئەوە نیە، کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت

ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، بەڵکو کۆمەڵێک دەرفەتیشی لەبەردەمدایە بۆئەوەی ببێتە خاوەن دەستوورێکی تایبەت بە خۆی.

**١-١- کێشەی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە دوای گرفتی بابەتێکەوە، دەیەوێت ئەم گرفتە وەک بنەمای سەرەکی بابەتی توێژینەوە دیاریبکات، بۆئەوەی بە شێوەیەکی زانستی ئەو گرفتە شیبکاتەوە. گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە تا ئێستا هەرێمی کوردستان دوای سی و سێ ساڵ لە دامەزراندنیەوە، نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی، ئەمە جگە لەوەی چەندینجار هەوڵدراوە، بۆئەوەی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. توێژینەوە بە دوای چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگاریانەوەیە، کە دێنە بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان.

**١-٢- ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە خستنەڕووی ئەو دەرفەت و ئاڵنگاریانەی کە لە بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێن، بۆئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور لە داهاتوودا.

**١ -٣- پرسیاری توێژینەوە:** توێژینەوەکە دوو پرسیاری سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە دەیەوێت ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوە بخاتەڕوو، پرسیارەکانیش ئەمانە:

- بۆچی تا ئێستا هەرێمی کوردستان نەبۆتە خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی؟
- ئەو دەرفەت و ئاڵنگاریانە چین، کە لە بەردەم نووسینەوەی دەستووردان لە هەرێمی کورستان؟

**١-٤- میتۆدی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی بابەتی لێکۆڵینەوە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیە (QUALITATIVE RESEARCH) واتا لە سەر بنەمای چۆنایەتی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، لەبارەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە نێوان دەرفەت و ئاڵنگاریەکاندا. لەم چوارچێوەیەشدا:

**ڕێبازی وەسفی – شیکاری؛ (المنهج الوصفي التحليلي):** سود لەم ڕێبازە وەرگیراوە، بۆ ڕوونکردنەوەی دەرفەت و ئاڵنگاریەکان، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیاریەکان، بە تایبەتی سودوەرگرتن لەو بەڵگانەی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوە بوون.

**ڕێبازی مێژوویی؛** بە هۆی ئەوەی بەشێک لە بابەتی توێژینەوە پەیوەستە بە هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم ڕێبازە وەک ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زانستی پشتیپێبەستراوە بۆ خستنەڕووی هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوور بە پێی چەند قۆناغێکی مێژوویی.

**١-٥- پەیکەری توێژینەوە:** بە گشتی ئەم توێژینەوە لە پێشەکیەک و چوار باسی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتوە. باسی یەکەمی توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە، لەم باسەدا دەستوور وەک بنەمای تیۆریی توێژینەوە خراوەتەڕوو، لە باسی دووەمی توێژینەوەدا هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان ڕوونکراوەتەوە، لە باسی سێیەمدا دەرفەتەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان و باسی چوارەمیش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئاڵنگاریەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان. لە کۆتای توێژینەوەکەدا ئەو ئەنجام و ڕاسپاردانە باسکراون، کە لە دووتوێی توێژینەوەکە بەدەستهاتوون.

### ٢- چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

بوونی دەستوور بۆ هەر نەتەوە و وڵاتێک گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە بە پێی هەموو بنەما سیاسی و زانستیەکان، دەستوور هۆکاری بەهێزی و چەسپاندنی بنەماکانی بە دامەزراوەیی بوون، دیموکراسی، ئازادی، ئاشتی و یەکسانیە بۆ وڵات. لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی دەستووردا سەرجەم ئەو بنەما و پێوەرەکانی سیستەمی سیاسی دیاریکراون، کە پەیوەست بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە. بە واتایەکی دیکە، دەستوور ئەو گرێبەستەیە، کە سەرجەم پەیوەندیەکان لە سەر ئاستی تاک و گروپ لە خۆدەگرێت و لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا. لەم باسەدا، کە پەیوەستە بە چوارچێوەی تیۆریی بۆ چەمکی دەستوور، تیشک دەخرێتەسەر چەند لایەنێکی تایبەت بە تیۆری دەستوور، ئەوانیش؛ چەمکی دەستوور، جۆرەکانی دەستوور، تایبەتمەندی باڵابوونی دەستوور، سەرچاوەکانی دەستوور و بنەمای سەربەخۆیی لە دەوڵەتی فیدراڵی.

### ٢-١- چەمکی دەستوور

دەستوور وەک چەمکێکی بنەڕەتی، لە یاسای دەستووری و پرسێکی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە سیاسیەکان، مێژووەکەی بۆ سەرهەڵدانی خودی سیاسەت دەگەڕێتەوە. ئەرستۆ، فەیلەسوف و زانای سیاسی یۆنانی، دەستەواژەی "دەستوور"ی بەکارهێناوە وەک میکانیزمێک بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت. دواتر دەستەواژەی "دەستوور" لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ئاماژەدان بە ڕێکخستنی ژیانی ئایینی بەکارهێنرا، واتا، ئەو کۆمەڵە ڕێسایانەی پەیوەستن بە ڕێکخستن و کارکردنی دامەزراوە ئایینیەکان. بەڵام لە سەدەی هەژدە و نۆزدەمەوە دەستوور واتای ڕاستەقینە و مۆدێرنی خۆی بەدەستهێنا، وەک کۆمەڵێک ڕێسا، کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارەکان و فەرمانڕەواکان ڕێکدەخات و ماف و ئازادیەکانی هاووڵاتیان فەرهەم دەکات، لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی و کولتووری بۆرژوازی ئەورووپیدا، کە پێی دەگوترێت "دەستووریزم".

بنەمای سەرەکی بزووتنەوەکە داوای دەستووریکی نووسراو بوو وەک ئامرازێک بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتە ڕەهاکان و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی عەقڵانی. (**محمد، 2024: 591**)

به لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە مێژوویی و جوگرافیە جیاوازانەی دەستووریان بەرهەمهێنا، ناوەڕۆک و چەمکەکانی جۆراوجۆرن، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورتبکرێتەوە:

**چەمکی فەرمی:** دەستوور وەک کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی سەیردەکرێت، کە لە بەڵگەنامەیەکی دیاریکراودا نووسراوەتەوە، لە لایەن دەزگایەکی تایبەتەوە دەرچووە، بەرپرسیارە لە داڕشتنی. کاتێک پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و هەموار دەکرێتەوە، پێویستی بە ڕێککارێکی تایبەت هەیە. بۆیە بە یاسای باڵا دادەنرێت، کە هەموو یاسا ئاساییەکانی دیکە ملکەچی دەبن.(**بدوي، 1971: 20**)

**چەمکی ماددی:** پێناسەکردنی دەستوور لە سەر بنەمای بابەت و ناوەڕۆکی پەیڕەوی دەستوورە، بەبێ گوێدانە فۆرم و ڕێککارەکانی ڕاگەیەندراو و دەرکردنی. بەم پێیە دەستوور بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی، کە سیمایەکی دەستووریان هەیە، بەبێ گوێدانە سەرچاوەکەیان، جا لە بەڵگەنامەیەکدا کۆدکرابێت یان کۆدنەکراو بێت.(**احمد، 2021-2022: 61-62**)

**چەمکی یاسایی دەستوور:** ئەمە پەیوەندی بە سیمای یاسایی میساقی بنەڕەتیەوە هەیە، وەک کۆمەڵێک ڕێسای نووسراو و نەریتی، نۆرمەکانی دەستووری، یاسای ڕێکخستنی و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی پەیوەست بە ڕێکخستنی حکومەت لە دەوڵەت و شێوازی گواستنەوەی دەسەڵات لە نێوان فەرمانڕەواکان.(**الليمون، 2016: 321**)

**چەمکی سیاسی دەستوور:** ئەمە چەمکێکی ئایدۆلۆژیە، لە ڕووی پێناسەکەیەوە، بەستراوەتەوە بە ئایدۆلۆژیای سیاسی باڵادەست لە کۆمەڵگادا. لێرەوە وەک فۆرمێکی دیاریکراوی سیستەمی سیاسی پێناسە دەکرێت. لە ماددەی یەکەمی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩)دا هاتوە، "هەر کۆمەڵگایەک کە هیچ گەرەنتی ماف و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نەبێت، کۆمەڵگەیەکی بێ دەستوورە". لە سەر ئەم بنەمایە جیاوازی لە نێوان

پاشایەتی دەستووری و پاشایەتی ڕەها و لە نێوان دەوڵەتێکی دەستووری و دەوڵەتێکی نادەستووریدا دەکرێت. ئەمەش پێناسەیەکی بێلایەنە بۆ دەستوور.(**نسیب، 1998: 15**)

### ٢-٢- جۆرەکانی دەستوور

بە گشتی دەستوورەکان لە ڕووی دارشتن و هەموارکردنەوە بە سەر دوو جۆری سەرەکی دابەشکراون، هەر جۆرێکیشیان لقی دەبێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە دوو جۆری دەستوور دەکەین، لەبەرئەوەی سروشتی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکەمان، ئەوانیش جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی نووسینەوە، جۆرەکانی دەستوور لەڕووی هەموارکردنەوە. هەریەکەش لەم دوو جۆرە، دوو جۆری تر لەخۆدەگریت.

### ٢-٢-١- جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی تۆمارکردنیانەوە

لە زۆر گۆشە و ڕووەوە سەیری دەستوور دەکرێت، بە جۆرێک دەستوورەکان بە پێی پێکهاتنیان دابەشدەکرێن بۆ دوو جۆر، واتا، دەقە دەستووریەکان دەخرێنە بەڵگەنامەیەکی فەرمیەوە، بەم شێوەیەش، ئەوا جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی شێوە یان تۆمارکردنیانەوە دابەش دەبن بۆ:

**دەستوورە عورفیەکان**

ئەم جۆرە لە دەستوور بە تۆمارنەکراو دادەنرێت، لەبارەی شێوازی پێکهاتنی ئەم دەستوورەش، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتانەی، کە دەستە دەسەڵاتدارەکان لە دەوڵەتدا بەکاریانهێناوە، لەو شتانەی پەیوەندیان بە پرسەکانی دەستوورەوە هەیە. ئەم جۆرەش لە دەستوورەکان حوکم و ڕێساکانی لە لایەن یاسادانەرێکی دەستووریەوە دانەنراوە، بەڵکو لە لایەن نەریت و فەرهەنگی کۆمەڵگاوە دانراوە، کە هێزی عورفی دەستووری وەرگرتوە، ئەمەش لە ڕێگای بەردەوامبوونی لایەنە دەسەڵاتدارەکان بە جێبەجێکردنی و ڕۆیشتن لە سەر فەرمانەکانی و پابەند بوون بە حوکمەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەم شێوەیە بوون بە یاسای بنچینەیی، کە دەبێت

پەیڕەوبکرێن. ئەم جۆرە تەنها بە عورفێکی دەستووری هاوشێوە دەستکاری دەکرێت یان دەگۆڕدرێت. نموونە لە سەر ئەم جۆرە لە دەستوور بریتییە لە دەستووری ئینگلیزی، کە بە دەستوورێکی تۆمارنەکراو دادەنرێت. (**الليمون، 2016: 368–369**)

**دەستوورە نوسراوەکان**

ئەم جۆرە لە دەستوور بەوە دەناسرێت، کە "ئەو دەستوورەیە لە لایەن یاسادانەری دەستووریەوە دەردەچێت لە حوکمەکانیدا، ئەم حوکمانەش بەڵگەنامەیەکی نووسراو یان کۆمەڵە بەڵگەنامەیەک لەخۆدەگرێت". زۆرینەی زۆری دەستووری وڵاتانی جیهان بە دەستووری تۆمارکراو (نووسراو) دادەنرێن، هەروەها زۆربەیان لە بەڵگەنامەیەکی نووسراوەوە دەرچوون، وەک دەستووری ئوردەنی و میسڕی و ئەمریکی، هەوەها زۆربەیان بە کۆمەڵە بەڵگەنامەیەک دەرچوون. هەروەک چۆن لە دەستووری کۆماری سێیەمی فەڕەنسی ساڵی (١٨٧٥) هەیە، کە بە سێ بەڵگەنامە دەرچوە. بەڵام ئەم دەستوورانەی باسیان لێوە کراوە، لەوانەیە هەموو ڕێساکانی بەکارهێنانی دەسەڵات لەخۆنەگرێت، لەبەرئەوە هەمیشە لە پاڵ ئەمەدا، ژمارەیەکی زۆر لە یاسا و بەڵگەنامە هەیە، کە بە تەواوکەری بەڵگەنامەی دەستووری دادەنرێن، نموونە لە سەر ئەمانە بریتین لە یاساکانی مەجلیسە دەستووریەکان و سیستمە ناوخۆییەکانیان.(**ستوپەیی، ٢٠٢٢ : ٢٢**)

**٢-٢-٢- جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی هەمواركردنەوە**

هەندیک دەستوور هەیە دابەشی نەکردوە، لە ڕووی تۆمارکردنەوە، بەڵکو لە ڕووی توانای دەستکاریکردنی/هەموارکردنی حوکم و یاساکانیانەوە سەیری جۆرەکانی دەستووریان کردوە، بەم شێوەیە جۆرەکانی دەستوور دابەشدەکرێن بۆ:

**دەستوورە نەرمەکان**

دەستووری نەرم، بەوە پێناسە دەکرێت، کە "ئەو جۆرەیە لە دەستوور، بە هەمان ئەو ڕێککارانە دەستکاری دەکرێت، کە گۆڕینی یاسایەکی ئاسایی لە دەوڵەت پێویستی پێیەتی" بەم

شێوەیە، مرونەت یەکێکە لە سیفەتەکانی دەستووری نەرم، واتا، توانای دەستکاریکردنی بە پەیرەوکردنی هەمان ئەو ڕێککارانەی، کە دەکرێت لە ڕێگایانەوە دەستکاری یاسا ئاساییەکان بکرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە دەستووری نەرم هیچ پیرۆزیەکی زیادەی نیە بە سەر یاسا ئاساییەکانەوە، بۆیە ئەگەر یاسادانەرێک هەر یاسایەکی ئاسایی دەرکرد، کە حوکمەکانی لادان (موخالەفە)یەکی لەخۆگرت بەرامبەر یاسای دەستووری، ئەوا ئەم لادانە بە دەستکاریکردنێک دادەنرێت بۆ دەقی دەستووری نەرم. ( **عبد الوهاب، 2014: 50** )

**دەستوورە چەقبەستوەکان**

دەستووری چەقبەستوو (الدستور الجامد) بەوە دەناسێنرێت، کە "ئەو دەستوورەیە بۆ هەموارکردنی کۆمەڵە مەرجێکی تایبەتی هەیە، جیاوازن لەو مەرجانەی پەیرەودەکرێن لە کاتی گۆڕینی یاساکاندا، زۆربەی جاریش ئەم ڕێککارانە زۆر توندتر و ئاڵۆزترن لەو ڕێککارانەی لە کاتی گۆڕینی یاسا ئاساییەکاندا پەیرەودەکرێن، "بەم شێوەیەش ئەگەر یاسادانەر یاسایەکی نوێی دەرکرد، کە ناوەڕۆکەکەی پێشێلکاریەکی تێدا بوو لە بەرامبەر هەر یاسایەکی دەستووری، ئەوا ئەم یەکنەگرتنەوەیە بە دەستکاریکردنی دەستوور دانانرێت، بەڵکو بریتییە لە پێشێلکردنی دەستوور، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، دەستووری چەقبەستوو پێویستی بە دەستکاریکردنی یاساگەلێکی ئاڵۆزتر هەیە بەراورد بەو دەستکاریکردنانەی لە گۆڕینی یاسا ئاساییەکان هەیە. (**الطباطبائي،1998: 120**)

**٢-٣- بنەمای باڵا بوونی دەستوور**

بنەمای باڵا بوونی دەستوور پەیوەستە بە ناوەڕۆکی ئەو دەق و یاسا دەستووریانەی لە ڕێگەیەوە چۆنیەتی ڕێکخستنی بەکارهێنانی دەسەڵات لە دەوڵەتدا ڕووندەکاتەوە، هەروەها ئەو فەلسەفە و بنچینەی ئایدۆلۆژیە دیاریدەکات، کە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەر وەستاوە، بەم پێیەش دەبێت چالاکی دەسەڵاتداران و هەموو دەزگاکانی دەوڵەت کۆنترۆڵبکرێن، بەم یاسا دەستووریانە، لەبەرئەوەی دەرچوونی دەسەڵاتدار و دەزگاکان لە یاسا

دەستووریەکاندا بە موخالەفەکردنی هۆکاری هەبوونی ئەو دەزگایانە دادەنرێت، لەگەڵ بنەمای یاسایی بۆ تایبەتمەندیان، ئەمەش بە دڵنیاییەوە بە زیانگەیاندن بە واتای دەستوور و پێشێلکردنی باڵایی بابەتی و ماددیی دادەنرێت. (**العاني، 2009: 215** )

هەروەها بنەمای باڵابوونی دەستوور گوزارشتە لەوەی، کە دەستوور لە سەرووی یاسا ئاسایی و سیستەم و عورفەکانەوەیە، بۆیە ڕێگەپێدراو نیە بۆ هەر یاسایەکی نزمتر یەکنەگرێتەوە لەگەڵ هەریەکە لە یاسا دەستووریەکان، بە دڵنیاییەوە، ئەمەش بە دزەکردن و لادان دادەنرێت بۆ بنەمای باڵایی دەستوور، کە دەبێت جێبەجێبکرێت لە دەوڵەتدا.

لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت، ئەوەی لە سەر ئەم بنەمایە دەزانرێت ئەوەیە، دەستوور سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەتە، لە نێوانیشیاندا سەرۆکی وڵات و پەرلەمان و دەسەڵاتە جێبەجێکار و دادوەریەکان.

### ٢-٤- شێوازەکانی دانانی دەستوور

بە شێوەیەکی گشتی چوار جۆر شێواز هەیە بۆ دانانی دەستوور، ئەوانیش؛ شێوازی پاداشت، شێوازی گرێبەست، کۆمەڵەی دامەزرێنەر ڕاپرسی گەل. دەستووری هەر دەوڵەتێک لە کۆنەوە تا ئێستا. بە یەکێک لەم چوار جۆرە نووسراونەتەوە. لە ڕووی دیموکراسیەوە دوو شێوازی سێیەم و چوارەم دیموکراسیترە لە دوو شێوازەکەی یەکەم. بەشداری خەڵک لە دانانی دەستوور ڕادەی دیموکراسی بوون و دیموکراسی نەبوونی شێوازی دانانی دەستوور دیاریدەکات. لە خوارەوە شێوازەکانی دانانی دەستوور دەخرێنەڕوو:

### شێوازی پاداشت/منحة

لە شێوازی پاداشت، دەستوور بە تەنیا بە ئیرادەی حاکم یان پاشا، وەک خاوەن و سەرچاوەی سەروەری، بەبێ هیچ بەشداریەکی خەڵک یان نوێنەرەکانیان دێتەکایەوە. پێدانی دەستوور لە لایەن حاکمەوە لەوانەیە لە ژێر فشاری خەڵک و ڕای گشتیدا بێت. واتا، بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر پەردەی

بەخشینێکدا، حاکم لە واقیعدا بە زۆر و ناچاردەکرێت دەستوورێک ببەخشێت و دەسەڵاتە ڕەهاکانی بەرتەسک بکاتەوە، چونکە بەدیل شۆڕشێکی جەماوەرییە و کۆتایی هاتنی حاکم و حوکمڕانی ڕەهای خۆیەتی. نموونەیەکی کلاسیکی دەستوورێک، کە بە شێوازی پاداشت نووسراوەتەوە، دەستووری فەڕەنسای ساڵی (١٨١٣)یە. نموونەیەکی دیکەی دەستووری تاڕادەیەک نوێ هەیە، کە بە شێوازی پاداشت دەرچوە، وەک دەستووری میسری ساڵی ١٩٢٣ (**خالد، 2011: 126 – 130** ).

**شێوازی گرێبەست/عقد**

دەستوور بە گرێبەست دەردەچێت، ئەگەر بە ڕێککەوتن یان گرێبەست لە نێوان حاکم یان پاشا لە لایەک و گەل لە لایەکی دیکە داڕێژرابێت. بە پێی شێوازی گرێبەست، هەموارکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی دەستوورێک، کە بە گرێبەست داڕێژراوە، تەنیا بە ڕەزامەندی هەردوو لایەن- بە ئیرادەی خەڵک و فەرمانڕەوا- دەتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی ئەنجام بدرێت. نموونەی دەستوورێک کە لە مێژوودا بە گرێبەست دامەزراوە، پەیمانی گەورەیە/مەگناکارتا لە ئینگلتەرا، کە ئاغاکان پاشایان ناچارکردوە واژۆی بکات. هەرچەندە زۆربەی یاسا دەستوورییەکانی ئینگلتەرا نەریتین. لە ناو ئەو دەستوورە عەرەبیانەی بە گرێبەست دامەزراون، دەستووری عێراقی ساڵی (١٩٢٥)، هەروەها دەستووری ئێستای کوێت، کە لە ساڵی (١٩٦٢) دەرچوە، بە گرێبەستێک لە نێوان میر و گەل دامەزرا، کە ئەنجومەنی دەستوور نوێنەرایەتی دەکات. (**ستۆپەیی، ٢٠٢٢: ١٥-١٦**)

**شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر/جمعية تأسيسية**

ئەم جۆرە، یەکێکە لە شێوازە دیموکراسیەکان بە بەراورد لەگەڵ دوو جۆرەکەی پێشوو، هەروەها نوێنەرایەتی قۆناغێکی پێشکەوتووتر دەکات لە خەباتی خەڵک لە دژی حوکمی ڕەها. بە پێی ئەم شێوازە، دەستوور لە لایەن ئەنجومەنی دامەزراندنەوە دەردەچێت، یان وەک پێی دەگوترێت ئەنجومەنی دامەزراندن، کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە و لە کەسانی پسپۆڕ پێکهاتوون، ئەرکی داڕشتن و دەکردنی دەستوورێکی نوێیان پێ دەسپێردرێت، وەک چۆن

خەڵک مافی ئەوەیان هەیە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەنجامدانی ئەرکی نووسینەوەی دەستوور. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم دەوڵەت بوو، ئەم شێوازەی گرتەبەر، وەک میتۆدێک بۆ دارشتن و پەسەندکردنی دەستووری ویلایەتەکان و دەستووری فیدراڵی خۆی گرتەبەر. پیاوانی شۆڕشی فەرەنساش پشتیان بەم شێوازە بەستوە، دواتریش لە دارشتنی زۆربەی ئەو دەستوورانەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە دەرکەوتن، پەیڕەوکرا (نموونەی ئەمەش فەرەنسایە لە دەستووری ساڵی ١٨٢٧). (محمد، 2024: 596) هەروەها دەستووری بەلجیکا (١٨٣١)، دەستووری فایمەری ئەڵمانیای (١٩١٩)، دەستووری نەمسای (١٩٢٠)، دەستووری ئیتاڵیای (١٩٤٧)، دەستووری هیندی (١٩٥٠)، دەستووری پاکستانی (١٩٥٨) بەم شێوازە نووسراونەتەوە. (المفرجي، 2011: 153)

**شێوازی ڕاپرسی گەل/ الاستفتاء**

شارەزایانی دەستوور کۆکن لە سەر ئەوەی، ئەم شێوازە لە هەموو شێوازەکانی دیکە دیموکراتیترە، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا دەستوور ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە لە ڕاپرسیەکی گشتیدا پەسەنددەکرێت. ئەم شێوازە بە دیموکراسیتر دادەنرێت، بەو پێیەی ڕەشنووسی دەستوور لە لایەن ئەنجومەنێکی پەرلەمانییەوە ئامادەدەکرێت، کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، پاشان لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا دەخرێتە بەردەم خەڵک بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵک لە سەر ڕەشنووسی دەستوورەکە، بۆئەوەی زۆرینەی خەڵک پەسەندیبکات یان ڕەتیبکاتەوە. دەستوور کاریگەر نابێت تا خەڵک لە ڕێگەی ڕاپرسیەکی گشتیەوە پەسەندینەکات.(**احمد، 2021-2022:** 76) دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، دەستووری فەرەنسای (١٩٥٨) بەم شێوازە دانراوە.

**٣- هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان**

تا ئێستا هەرێمی کوردستان تەنها خاوەنی ئەو یاسایانە، کە پەرلەمانی کوردستان لە دوای ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەریکردون، بەشێکی یاسا و ماددەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری

عێراق نزیکن، بەڵام ماوەیەکی زۆرە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسیەکان دەیانەوێت کورد دەستورێکی تایبەت بە خۆی بنووسێتەوە، بۆئەوەی لە زۆر کێشە و گرفت ڕزگاری بێت.

لەم بوارەدا، دەتوانین مێژووی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ نووسینەوەی دەستوور بۆ دوو قۆناغ دابەش بکەین: قۆناغی پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە کۆی گشتی هەوڵەکان لە چوار قۆناغ پێکهاتوون.

**٣-١- قۆناغی یەکەم/ سەرەتایی (٢٠٠٢)**

یەکەمین هەوڵی فەرمی لە مێژووی هەرێمی کوردستان بۆ نووسینەوەی دەستوور، لە ساڵی (٢٠٠٢) هاتەئارا، بۆ یەکەمینجار پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەمی خۆیدا لیژنەیەکی (١٠) کەسی لە ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان و شارەزایانی بواری یاسا پێکدەهێنیت بۆ نووسینەوە و ئامادەکردنی پرۆژەیەکی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان و لە بەرواری ٧/١١/٢٠٠٢ بە بڕیارە یاسای ژمارە (٢٦)، پرۆژەی دەستووری کوردستان کە لە (٧٨) مادده پێکهاتبوو پەسەندیکرد، بەڵام هەر بە پرۆژە مایەوە و نەبووە دەستووری کوردستان. (**وەقائعی کوردستان، ٢٠٠٢**)

**٣-٢- قۆناغێ دووەم لە (٢٠٠٥)**

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) لە عێراق، دەرفەتێکی باشتر بۆ نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان هاتەئارا، لەبەرئەوەی لە دوای نووسینەوەی دەستووری عێراق و چەسپاندنی دوای ساڵی (٢٠٠٥) لە ماددەی (١٢٠) ی عێراقدا باسی ئەوە دەکات، کە هەر هەرێمێک دەتوانێت دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام بە مەرجێک دژی دەستووری عێراق نەبێت. لەم قۆناغەدا تا ئێستا سێ هەوڵ بەدیکراون بۆ نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستانن.

ساڵی (٢٠٠٥) لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی لە عیراق ڕوویانداوە، بە تایبەت پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) ، پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە (٤) لە

٦/٨/٢٠٠٥، بڕیاریدا، پێداچوونەوە بۆ پرۆژە دەستووری ساڵی ٢٠٠٢ بکات، (**بڕیاری ژمارەی ٤، ٢٠٠٥**) بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی لە (١٨) کەس پێکهێنا، کە ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان و شارەزایانی بواری یاسای لەخۆگرتبوو. دوای پێداچوونەوە، لیژنەکە پرۆژەیەکی تازەی دەستووری هەرێمیان ئامادەکرد، کە لە (١٢٢) مادده پێکهاتبوو. (**لیژنەی ١٨ کەسی، ٢٠٠٥**)

لەبەرەنجامی کۆتاییهاتنی کاری لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور و ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمان ساڵی (٢٠٠٨) یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی (٢٠٠٨) ی تایبەت بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەر پرۆژە دەستوورەکە دەرکرد. (**یاسای ژمارە ١٦، ٢٠٠٨**) لە ساڵی (٢٠٠٩) دوو جار ئەم یاسایە هەموارکرایەوە لە ڕێگەی هەریەکە لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەمواری دووەمی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ ڕێکخستنی وردتری بابەتی پەسندکردنی پرۆژەکە لە پەرلەمانی کوردستان و چۆنیەتی خستنە ڕاپرسیەوە بۆ دەنگدان لە سەری لە لایەن گەلی کوردستانەوە. (**یاسای ژمارە ٩، ٢٠٠٩**)

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرۆسە یاساییانەدا، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٩) دەقی پرۆژەی دەستووریە ئامادەکراوەکەی لە لایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە پەسەندکرد. (**بڕیاری ژمارە ٨، ٢٠٠٩**) دواتر بە نووسراوی ژمارە (٩٠٢/٣/٤) لە بەرواری (٢٥/٦/٢٠٠٩) داوا لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکات، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، کەوا لە (٢٥/٩/٢٠٠٩) ئەنجامدرا، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش بخرێتە ڕاپرسیەوە، بەڵام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە نووسراوی ژمارە (خ/٩/١٣٤٠) لە بەرواری (٦/٧/٢٠٠٩) ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە لەو بەروارەدا ڕەتکردەوە.

**(داواکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ٥/٦/٢٠٠٩) و (وەڵامی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە بەرواری ٦/٧/٢٠٠٩)**

### ٣-٣- قۆناغی سێیەم لە (٢٠١٥)

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٥)، لە ڕێگەی یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی (٢٠٢٥)، کە تایبەت بوو بە ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی، جارێکی دیکە هەوڵەکانی بۆ نووسینەوەی دەستوور دەستپێکردەوە. ئەمجارەیان لیژنەیەکی (٢٠) کەسی لە ئەندامانی پەرلەمان و شارەزایانی بواری یاسا پێکهێنا، بە مەبەستی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و لە یاساکەدا هاتوە: پێویستە لیژنەکە کارەکانی لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا تەواوبکات، ئەگەرنا پەرلەمان بۆی هەیە ماوەکەی بۆ درێژبکاتەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا نەتوانرا پڕۆژەی دەستوورەکە ئامادەبکرێت و لە هەمانکاتدا پەرلەمان ماوەکەشی درێژنەکردەوە. **(یاسای ژمارە ٤، ٢٠١٥)** و **(بریاری ژمارە٤، ٢٠١٥)** بۆیە ئەم هەوڵەش نەیتوانی هەرێمی کوردستان بکاتە خاوەنی دەستوور.

### ٣-٤- قۆناغی چوارەم لە (٢٠٢٢)

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، یەکێک لە بەرنامەی کاری ئەم خولە بریتی بوو لە تەواوکردنی هەنگاوەکان لە پێناو نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان. لەم پێناوەدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کاری لە سەر دروستبوونی یەکڕیزی سەرجەم کوتلە پەرلەمانیەکان کرد لە سەر بنەمای سازانی نیشتمانی.

ئامادەکاری بۆ کاراکردنەوەی هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم نووسراوێکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بە مەبەستی دەستنیشانکردنی نوێنەری پەرلەمانی کوردستان بۆ بەشداری لەو لیژنە ئامادەکاریەی کاراکردنەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور.

بە مەبەستی بەشداریکردنی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە شێواز و چۆنیەتی کاراکردنەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان و دەربڕینی ڕاوبۆچوونی تایبەت بە فراکسیۆنەکان لەو بارەیەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نووسراوی ئاراستەی سەرجەم فراکسیۆنەکان کرد، فراکسیۆنەکانیش بە نووسراوی فەرمی سەرۆکایەتیان ئاگادارکردەوە لە ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەستووری هەرێمی کوردستان و میکانیزمی کاراکردنەوەی لیژنەی دەستووری هەرێمی کوردستان. (**عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢**)

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێکەوتی ٨/٢/٢٠٢٢ کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرجەم سەرۆک فراکسیۆنەکان ئامادەبوون و تێدا چەند پرسێکی گرنگ تاووتوێکرا لە نێوانیاندا ، پرسی دروستکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بوو، دوای گفتوگۆی چڕوپڕی ئامادەبووان، جگە لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ هەمویان هاوڕابوون لە سەر پێویستی بوونی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، پێشنیازکرا، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەک لە سەرجەم فراکسیۆنەکان و لیژنەی یاسایی دروستبکات و پێشنیازی یاسای هەمواری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ ئامادەبکات بۆ هەڵبژاردن و میکانیزمی نووسینەوەی دەستوور. (**پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٢**)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد و تێدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات، هەنگاوە یاسایی و تەشریعیەکان بگرێتەبەر بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی و پشتیوانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بۆ پەرلەمانی کوردستان خستەڕوو. دواجار پەرلەمانی کوردستان بەرمەبنای نامەی سەرۆکی هەرێم و ئەنجامی کۆبوونەوەی سەرۆک فراکسیۆنەکان، پاڵپشت بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەیەک پێکهێنرا، کە لە لیژنەی یاسایی و نوێنەری هەریەک لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتووی ئیسلامی، ئازادی، سەردەم) بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنووسی پێشنیازە یاسایەک

بۆ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان. (**نامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢**). (**فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، ٢٠٢٢**)

**٤- دەرفەتەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان**

نوسینیەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی لە هەرێمی کوردستان تەنیا هەنگاوێکی یاسایی نیە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شەرعیەتی سیاسی و گەرەنتیکردنی مافەکان و دامەزراندنی بناغەکانی سەقامگیری دامەزراوەیی. لێرەدا گرنگترین دەرفەتەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان بریتین لە:

**٤-١- دەرفەتی یاسایی**

دەستووری نوێی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) بە ڕاشکاوی هەرێمی کوردستان، وەک هەرێمێکی فیدراڵی بە دەسەڵاتە هەبووەکانیەوە دەناسێت و دامەزراندنی هەرێمی نوێ بە پێی بڕگەکانی دووپاتدەکاتەوە. ئەم دانپێدانە دەستووریە بنەمایەکی یاسایی تۆکمە بۆ داڕشتنی دەستوورێکی ناوچەیی دابیندەکات. بە گوێرەی ئەم دەستوورە هەرێمی کوردستان پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە لەخۆدەگرێت. هەروەها دانی بە هەموو ئەو یاسایانە دانا، کە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرکراون. لە لایەکی دیکەوە بە گویرەی مادەی (١٢٠) دەستور ڕێگە بە هەرێم دەدات، دەستوورێک بۆ خۆی دابڕێژێت.(دستور العراق ٢٠٠٥)

**٤-٢- بۆشایی دەستوریی :**

بۆ پابەندکردنی دەسەڵاتداران بە بنەما دەستووریەکان، ئەمەش دەبێتە چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ دەرکردنی چەندین یاسای دیکە، کە بە هۆی ئەم یاسا دەستووریە نوییەوە دێتە\کایەوە. (سادق،2021)، چونکە نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی جۆرێک لە شەرعیەتی ناتەواو بۆ دامەزراوە سیاسیەکان دروستکردوە، ئەمەش جەخت لە سەر پێویستی چوارچێوەیەکی دەستووری ڕووندەکاتەوە، کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان ڕێکبخات. ئەم بۆشاییە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ

دەرفەتێک بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شەرعیەتی سیاسی لە سەر بنەمای کۆدەنگیەکی بەرفراوان لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا. بە شێوازێک لە سەرهەڵدانی هەرگرفتیک لایەنەکان بە گشتی هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی دەستورێک، ئەم ڕوانگەیە دەرفەتێکی گونجاو دەرەخسێنێت، بۆئەوەی کۆدەنگیەک هەبێت لە سەر دووبارە نووسینەوەی دەستوور، بەلایەنی کەم بۆ کەمکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەستوریی و یاساییە، کە لە هەندێک حالەت دروست دەبێت.

واتا جۆرێک لە دڵنیایی دورستدەکات، چونکە بەشێک لە دەستوورەکە قابیلی هەموارکردن نابێت و ئەوەندەش  بە ئاسانی ڕێگە بە هەموارەکەی نادرێت، چونکە پێویستی بە چەندین وێستگە و هەنگاوی گرنگ هەیە تاوەکو بتوانرێت ماددە و بەندەکانی هەمواربکرێتەوە؛ واتا، وەک یاسا ئاساییەکان هەموارناکرێتەوە و ئەمەش دڵنیاییەک بە سەقامگیری سیاسی و یاسایی لە وڵات دەدات. بێگومان هەبوونی دەستوورەکە بەبێ "دادگەی دەستووری" نابێت و ڕۆڵی ئەم دادگەیەش دووبارە لە پاراستنی شکۆداری دەستووردا کاریگەری دەبێت(سادق،2021).

**٤-٣- پێداگری حکومەت لە سەر نووسینەوەی دەستوور**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵی نووسینەوەی دەستووری داوە، بە جۆرێک نووسینەوەی دەستوور دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٢) بۆ نووسینی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان؛ ئەوجا ئەمە ڕەشنووسی دەستوورێکی لێ بەرهەم هات کە (٣٦) حزبی سیاسی بەشدار بوون لە نووسینەوەی، (٩٦) پەرلەمانتار لە ساڵی (٢٠٠٩) لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندیانکرد و زیاتر لە (٥) هەزار پێشنیازی خەڵک و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ڕەشنووسەکە وەرگیرا. لە دوای شکستپێهێنانی ئەم ڕەشنووسەش لە لایەن حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، کە خودی ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێشوو بوون بە سەرۆکی پەرلەمان، جارێکی دیکە لیژنەیەکیان پێکهێنا لە نوێنەری حزبە سیاسیەکان و مامۆستایانی زانکۆ و زیاتر لە ٧٠ ماددەیان لە ناو پەرلەمان

نووسیەوە، دواتر بە هۆی پەکخستنی پەرلەمانەوە (٢٠١٥-٢٠١٧) ئەمەش بەکراوەیی مایەوە. (سادق،2021) بەڵام لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەستوورێک هەیە بۆئەوەی لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی ڕێکبخات و گرفتەکانی نێوانیان بەرەوەو چارسەر بچێت.

**٤-٤- ڕەهەندی مێژوویی**

لەگەڵ قەیرانی سیستەمی فیدڕاڵی، ئەزموونی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی مۆدێلێکی ناوازە دەکات لە عێراق لە ڕووی سەربەخۆیی ئیداری و ئابووریی ڕێژەیی و توانای دانوستان لە ڕووی سیاسیەوە، بناغەیەکی چاکسازی بۆ داڕشتنی دەستوورێکی هەمیشەیی دابیندەکات. هەندێک پێیان وایە، ئەزموونی کورد بە هەلومەرجی تایبەت دەوردراوە، کە وای لێدەکات توانای وەرگرتنی دەستوورێکی بەهێزی ناوخۆیی هەبێت، لەگەڵ گرژی لەگەڵ بەغدا(**Compos, 2024**) بە واتای ئەوەی، ئەو بارودۆخە مێژووییەی هەیبووە و لە ئێستادا پێیداتێپەر دەبێت، ئەوە دەخوازێت کە دەستوورێکی هەمیشەیی و گونجاوی هەبێت.

**٥- ئاڵنگاریەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان**

لەگەڵ دەرفەتەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک ئاڵنگاریش هەیە، وەک کۆسپ و گرفتی بەردەم پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور بەدیدەکرێت، لە خوارەوە گرنگترین ئەو کۆسپ و گرفتانە دەخرێنەڕوو، کە وەک ئاڵنگاری بەردەم نووسینەوەی دەستوور دەبنیرێت.

**٥-١- ئالینگاریی دەستوری و یاسایی**

یەکێک لە ئاستەنگ و بەربەستە سەرەکیەکان لە بەردەم نووسینی دەستوور بەندکردنی ئیرادەی سیاسی لیژنەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، بە ماددەی (١٢٠) لە دەستووری عێراق، ئەو مافە بە هەرێمی کوردستان دەدات دەستووری خۆی هەبێت، بەڵام بە مەرجێک لەگەڵ

دەستووری عێراق گونجاو بێت(محمود،2021). بۆیە بەریەکەوتن لەگەڵ دەستووری فیدراڵی، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بنەڕەتی دەبێتەوە لە دارشتنی دەستوور، بە جۆرێک نابێت دەستووری هەرێم پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) بێت، بە تایبەت لە پێناسەکردن و دارشتنی دەسەڵاتەکان و یاسای نەوت و گاز و ئاسایش و ناوچە جێناکۆکەکان " هەروەک لە ماددەکانی (١١١-١١٤) دەستووری عێراق هاتوە، سەبارەت بە (مادەکانی ١١٢ تا ١١٤) بوارەکانی دیکە دادەمەزرێنن، کە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم دەسەلاتیان تێدا هاوبەشە، لەوانە پەرەپێدانی نەوت و گاز، شوێنەوار و ناوچە شوێنەواریەکان، جێبەجێکردنی گومرگ، سەرچاوەکانی ئاو، پەروەردە، سیاسەتی ژینگەیی، دابەشکردنی وزەی کارەبا و سیاسەتی تەندروستی)( Kelly, 2010: 728 ).

**٥-٢- ئاڵنگاریی دیاریکردنی سنوور**

پرسی ناوچە جێناکۆکەکان بە تایبەتی کەرکوک، بە شێوەیەکە هەریەکە لە ماددەکانی (٥٨) یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق و ماددەی (١٤٠) دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەم ماددەیە تا ئێستا جێگای ناکۆکی و گرفتی سەرەکی نێوان هەرێم و حکومەتی ئیتحادیە، چونکە ڕێوشوینەکان بەگوێرەی ئەم ماددەیە جێبەجێنەکراوە، کە کۆتا وادە بۆ ئەم ماددەیە، وەک لە دەستوور ئاماژەی پێکراوە (2007/12/31) و کاتێکی زۆری بەسەرداتێپەریوە، ئەمەش وادەکات گرفت بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێم دروستبکات لە دیاریکردنی سنووریدا ( احمدید، عجیل، 9،2020)، چونکە ئەگەر هەرێم ئەم ناوچانە لە چوارچێوەی سنوور هەژماربکات و لە کاتێکدا ڕاپرسی ئەنجامدرا و بەگویرەی ڕاپرسیەکە نەبوو بە بەشێک لە سنووری هەرێم وادەکات دەستوور هەمواربکرێت و گۆرانکاری بەسەردابێت، بۆیە یەکلایی نەکردنەوەی ئەم پرسە ئاستەنگ دروستدەکات. بە جۆرێک ئەم گرێکویرەی ئەو ناوچانەی دەوڵەمەندن بە نەوت، مشتومڕی

دەستووری بەردەوام لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، ئەمەش وایکردوە دیاریکردنی سنووری ئیداریی هەرێم لە دەستووردا قورس بێت.

**٥-٣- ئاڵنگاریی سیاسی**

گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەدەست دووبەرەکی قووڵی حزبایەتیەوە دەناڵێنێت، ئەم دابەشبوونانە پرۆسەی ڕێککەوتن لە سەر دەقێکی دەستووری یەکگرتوو ئاڵۆزتر دەکەن. کەواتە، ناکۆکی نێوان لایەنەکان لە سەر بنیاتنانی دەستوور، پێکهاتەی دەستوور، کە مەبەستمان لە جۆر و سروشتی سیاسی و بناغەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. ناکۆکی نێوان حزبە سیاسیەکانی هەرێم لە سەر هەڵبژاردنی سیستەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی بوو. ئەمەش دیارترین بەربەست بوو لە بەردەم پرۆژەکەدا. وا دیارە پەسەندکردنی هەریەک لە دامەزراوەکان کاریگەری لە سەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان دەبێت. (مجلة گولان،2015) پاڵشت بۆ ئەم ئارگیومێنتە، دانا حسین ئەندامی نووسینەوەی دەستوور لە کاتی قسەکردنی بۆ کەناڵی (بغدا الیوم) جەختی لەوە کردەوە، هۆکارە دیارەکانی پەسەندنەکردنی دەستووری هەرێم، ڕێکنەکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە بۆ دانانی سیاسەتێکی نووسراو لە دەقە دەستووریەکاندا (بغداد الیوم، 2023)

**٥-٤- گرژیەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ئیتحادی**

ناسەقامگیری لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا، هۆکارێکە بۆ زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزی نێوانیان لە سەر چەندین پرس، بە تایبەتی لە سەر پرسەکانی نەوت و بودجە و دەسەڵاتە ئەمنیەکان" ناوچە جیناکۆکەکان، بە جۆرێک هەوڵدانی هەرێم بۆ چارسەرکردنی ئەم کرژی و ناکۆکیانە، کاریگەری نەرێنی دروستکردوە بۆ سەر نووسینەوەی دەستوور لە هەرێمی کوردستان،(زین العابدین"2023)

ئەم گرژیە ژینگەیەکی ناجێگیر بۆ داڕشتنی دەستوورێک دروستدەکات، کە ڕەنگە حکومەتی فیدراڵی وەک هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی زیاتر لێی بڕوانێت. بە جۆرێک ناکۆکی بەردەوامی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە سەر لێکدانەوەی ماددەکانی دەستووری عێراقی ساڵی 2005 (بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە نەوت و گاز، بودجە، و پرسی کەرکوک و ناوچە کێشە لە سەرەکان) وا دەکات داڕشتنی دەستووری هەرێمی کوردستان ئاڵۆزتر بێت، بەو پێیەی هەرێم پێویستی بە بەڵگەنامەیەک هەیە، کە مافە ناوخۆییەکانی زامنبکات، لە هەمانکاتدا بە تەواوی پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی نەبێت. لە لایەکی دیکە، کاتێک پەیوەندیەکان گرژ دەبن، ڕەنگە هەندێک لایەنی نێودەوڵەتی یان هەرێمی دوودڵ بن لە پشتیوانیکردن و یارمەتیدان لە ڕەشنووسی دەستوورێک بۆ ناوچەکە لە ترسی ئەوەی، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی عێراق هەستپێبکرێت.

### ٥-٥- ئاستەنگی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور

یەکێک لە بەربەستەکانی دیکەی نووسینەوەی دەستوور، بریتییە لە دەسەڵات و کاری ئەو لیژنەیەی دایدەڕێژێت، کە پێویستە وەک یەکتیم کاربکەن و هیچ کەس لەو تیمە خۆی بە نوێنەری بەغدا و ئەنقرە و تاران نەزانێت، و بێ ئەوەی لایەنێک ڤیتۆی بەردەوامی هەبێت یان مافی ئەوی هەبێت چەند جارێک ڤیتۆ بەکاربهێنێت(محمود،2021).

### ٥-٦- ئالینگاریی کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان

هەمەجۆری نەتەوەیی و ئایینی هەرێمی کوردستان پێکهاتە هەمەچەشنەکان (کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کلدان، ئەرمەنی) پێکدێت، ئەمەش پێویستی بە داڕشتنی دەستوورێک هەیە، کە ڕێز لە مافی هەموو ئەو پێکهاتانە بگرێت و نوێنەرایەتی دادپەروەرانەیان مسۆگەر بکات. بە جۆرێک جگە لە ململانێی حزبە سەرەکیەکان، جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەبی ڕۆڵی بەرچاودەگێرێت لە خاوکردنەوەی پرۆسەی داڕشتنی دەستووری هەرێم. پەرلەمانی کوردستان نوێنەری نەتەوەکانی

غەیرە کورد، وەک تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنی و گرووپە ئایینیەکانی وەک ئێزیدی و مەسیحی لەخۆدەگرێت، کە داوای گەرەنتی دەستووری ڕووندەکەن. تاوەکو ناسنامە و مافە کولتوری و سیاسیەکانیان بپارێزن. (دوملي،2015) بەشێک لەو گرووپانە نارەزایەتیان بەرامبەر ئەو فۆرمولەکردنانە هەیە، کە سیمایەکی کوردی باڵادەست بە ناسنامەی هەرێم دەبەخشن یان پێگەی یاسادانانی باڵا بە ئیسلام دەبەخشن، بەبێ ئەوەی برگەی هاوسەنگ گەرەنتی یەکسانی بکات. ئەم جیاوازیانە بە ڕوونی لە گفتوگۆکانی لیژنەکانی داڕشتندا دەرکەوتن، کە لایەنە جۆراوجۆرەکان داوای برگەی ئاشکرایان دەکرد بۆ پاراستنی زمان و پەروەردەی ئایینی تایبەت، هاوکات لایەنە گەورەکان ڕەخنەیانگرت لەبارەی خستنەڕووی وردەکاریەکان، کە دەتوانرێت وەک کەمکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لێکبدرێتەوە.

### ٥-٧- ئاڵنگاریی ئابووری و دارایی

**وابەستەیی نەوت:** ئابووری هەرێم بە شێوەیەکی زۆر پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، ئەمەش ئاستەنگ لە داڕشتنی برگە دەستووریەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی سامانە سروشتیەکان و گەشەسەندنی ئابووری بەردەوام دروستدەکات.

**قەیرانە داراییەکان:** هەرێم ڕووبەڕووی ئاستەنگی درێژخایەنی دارایی دەبێتەوە، لەوانە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران، کە کاریگەری لە سەر سەقامگیری ژینگەی سیاسی پێویستە بۆ داڕشتنی دەستوور.

## ٦- دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### ٦-١- ئەنجام

- چارەسەرکردنی بۆشایی دەستووری: ڕوونە کە نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی ئیدارییەوە لە ساڵی (١٩٩٢) بۆشایی یاسایی دروستکردوە، سیستمی سیاسی وابەستە بە تێکەڵاوی یاسا ناوخۆییەکان و دەستووری

فیدراڵی عێراق. ئەم بۆشاییە بۆتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ داواکردنی نووسینەوەی دەستووری، کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان ڕێکبخات و شوناسی سیاسی و ئیداری هەرێم دیاریبکات.

- ئێستا گرنگی لە کۆدەنگی سیاسی بوونی هەیە بۆ نووسینەوەی دەستوور، لەگەڵ دابەشبوونی حزبی، تێگەیشتنی هاوبەش لە گرنگی دەستوور لە نێوان زۆربەی هێزە سیاسیەکاندا، دەرفەتێکی مێژووییە، ئەگەر لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی نیشتمانی گشتگیرەوە بەکاربهێنرێت، کە هاوسەنگی بەرژەوەندیە حزبی و نیشتمانی و تائیفیەکان لەبەرچاوبگرێت.
- کاریگەری ڕاستەوخۆی ناکۆکی لەگەڵ بەغداد، ناکۆکیە بەردەوامەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە سەر دەسەڵاتە دەستووریەکان بە تایبەتی لە بوارەکانی نەوت و گاز و بودجەدا، پێویستی دەستوورێکی ڕوون و ناوچەیی بەهێزتر دەکات، کە میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا دیاریبکات، بەگوێرەی مادەی (١٢١)ی دەستووری عێراق، دەستەبەرکردنی مافەکانی هەرێم لە چوارچێوەی فیدراڵیدا.
- نەبوونی متمانە لە نێوان پێکهاتەکان و بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەیی (گرژی لە عێراق و ناوچەکە) ڕێگری ڕاستەقینە لە بەردەم دارشتنی دەستوورێکی تەوافوقدا نیشاندەدەن. ئەمەش داوای دانانی میکانیزمی ئاشتەوایی سیاسی دەکات، پێش دەستپێکردنی دارشتن.
- نەبوونی بەشداری بەرفراوانی گشتی لە هەر پرۆسەیەکی دارشتندا دەبێتە هۆی لە دەستدانی شەرعیەتی کۆمەڵایەتی بۆ دەستوور. بۆیە بەشداریکردنی سەندیکاکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان قبوڵکردنی دەقی کۆتایی بەرزدەکاتەوە.
- دارشتنی دەستوور تەنیا دەقێکی یاسایی نیە، پرۆسەیەکی بنیاتنانی دامەزراوەکانە، کە توانای جێبەجێکردنی هەبێت. بۆیە پێویستە پرۆسەی دارشتن بەسترابێتەوە بە چاکسازیی

کارگێڕی و دادوەرییەوە، کە کاریگەری دەقی دەستووری دوای پەسەندکردنی مسۆگەربکات.

### ٦-٢- ڕاسپاردەکان

- گرتنەبەری ڕێبازێکی گشتگیر و بەشدارانە بۆ داڕشتنی دەستوور، واتا بەشداریکردنی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزا و لایەنە سیاسیەکان لە پرۆسەی نووسینی دەستووردا، لە ڕێگەی لیژنە پسپۆر، بۆ دەستەبەرکردنی کۆدەنگیەکی کۆمەڵایەتی فراوان و کەمکردنەوەی ئاڵنگاری ئەو ئاڵنگاریانەی دواتر دێنەبەردەم نووسینەوەی دەستوور
- دەستوورێکی مەزن بێت، میکانیزمی گونجاو بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور لەخۆبگرێت. دابینکردنی ڕێککارەکانی هەموارکردنەوەی ڕوون، بەڵام بەهێز کە ڕێگە بە گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بدات، بەبێ ئەوەی دەرگا بە ڕووی گۆڕانکاری ئارەزوومەندانە یان فشاری سیاسی دەستبەجێدا بکرێتەوە.
- زمانی نووسینەوەی دەستوور دەبێت ڕوون و دیاربێت. بە جۆرێک داڕێژەران و نووسەرانی نووسینەوەی دەستوور خۆیان بە دووربگرن لە هەر زارهاوەیەک، کە چەندین واتا هەڵبگرێت و لیکدانەوەی جیاوازی بۆبکرێت، ناڕوون بێت، ئەمەش بە ڕاوێژکردن بە پسپۆڕانی یاسای دەستوور و داڕشتنی یاسادانان دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت.
- دانانی پرەنسیپەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چاودێری یەکتر لە سەر یەکتری بە جۆرێک دانانی گەرەنتی دەستووری بۆ ڕێگریکردن لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک قەوارە و لایەن و بەهێزکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
- دەرکردنی سیستەمێک کە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان زامنبکات، لەوانەش ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی کۆبوونەوەی سیاسی و پاراستنی کەمینەکان، بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیەکان. بەڵام

ئەم ئازادیانە سنوورە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نەبەزێنێت.

- پاراستنی دیموگرافیای شارەکان، بە شێوەیەک ڕێگری بکرێت لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکان، چونکە لە ئێستادا لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتی خەریکە دیمۆگرافیای شارەکان گۆڕانکاری بەسەدا دێت و ئەمەش بۆ داهاتوو دەبێتە هەڕەشە لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: بڕیار و یاسا و ڕەشنووسەکانی دەستوور**

- یەکەم پرۆژەی پێشنیازکراوی دەستوور، وەقائعی کوردستان، ٢٠٠٢.
- بڕیاری ژمارەی (٤) ساڵی (٢٠٠٥)چاوخشاندنەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.
- پێکهێنانی لیژنەیەکی ١٨ کەسی بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستوور.
- یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان.
- یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨.
- بڕیاری ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٠٩ پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.
- داواکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ٥/٦/٢٠٠٩ لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەر دەستوور).
- (وەڵامی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە بەرواری ٦/٧/٢٠٠٩ لە سەر داواکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەر دەستوور.
- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان- عێراق بۆ ڕاپرسی).

- (بریاری ژمارە (٤)ی ٢٠١٥، پێکهێنانی لیژنەیەکی ٢٠ کەسی بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستوور)
- نامەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).
- (فەرمانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ژمارە/٢ لە ٢٤/٨/٢٠٢٢

**دووەم: پەرتوک و توێژینەوەی زانستی**

- ثروت بدوي (1971) *القانون الدستوري والتطور الانضمة الدستورية في مصر*. القاهرة، دار النهضة العربية.
- م.د. حامد جواد محمد(2024). *فكرة الدستور بين النظرية والتطبيق*. مجلة جامعة العراقية، 58 (2).
- د.بن مسعود احمد (2021-2022) *محاضرات مقياس : القانون الدستوري*، *جامعة زيان عاشور بالجلفة*، كلية الحقوق والغلوم السياسة، قسم القانون.
- عوض الليمون (2016) *وجيز في النظم السياسية ومباديء القانون الدستوري*. ط2، عمان، دار الوائل النشر.
- محمد أرزقي نسيب (1998) *أصول القانون الدستوري والنظم السياسية*. ج ١، ط١، الجزائر، شركة دار الأمة للطباعة والنشر والتوزيع.
- جەواد مستەفا ستۆپەیی (٢٠٢٢) *تیۆری دەستوور و هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان*. هەولێر، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانشفەر.
- د.محمد رفعت عبد الوهاب (2014) *القانون الدستوري، المبادئ الدستورية العامة*. الإسكندرية، دار الجامعة الجديدة.
- عادل الطباطبائي(1998) *النظام الدستوري في الكويت*. كويت، مؤسسة دار العلوم.

- د. حسان محمد شفيق العاني (2009) *الانظمه السياسيه والدستوريه المقارنه*. ط3، القاهره، شركه العاتک لصناعه الكتب.
- د. حميد حنون خالد (2011) *القانون الدستورى وتطور النظام السياسي في العراق*. ط١، بغداد، مكتبه السنهوري.
- د. احسان حميد المفرجي (2011) *النظريه العامه في القانون الدستورى والنظام الدستورى في العراق*. بغداد، مكتبه العاتک بروت.
- حازم صباح أحميد و عماد وكاعجيل (2021) إستفتاء إقليم كردستان وتداعياته المحلية والإقليمية والدولية، مجلة دراسات دولية، العددان(86)(87).

**سێیەم: وێبسایتی ئەلیکترۆنی:**

- پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٢) *کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنەکان بەڕێوەچوو*. ٢٠٢٢/٨/٢٢ https://www.parliament.krd/news/posts/2022/august/kobunaway-destay-serokayety-u-fraksyonakany-parlaman/ (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٧/١١)
- تەها عەبدوڵڵا (٢٠٢٢) *پەرلەمان لیژنەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی کارەکانی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور پێکدەهێنێت*. کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٨/٢٤. https://knwe.org/KU/Details/3197 (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٧/١١)
- مجلة گولان (2015) مشروع دستور إقليم كوردستان، 7تموز2015، تاريخ الزيارة،2025/7/3، متاح على الربط:https://shorturl.at/2Meuq
- بغداد اليوم(2023) دستور الإقليم خلافات السياسية والدين والحدود وابرز عقبات تشريعية،2023/8/3، تاريخ الزيارة2025/7/20، متاح على الربط: https://shorturl.at/8iGT4

- عادل زين العابدين (2023) المسائل الخلافية العالقة بين بغداد وأربيل ..جذورها وآثارها، مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، 2023/2/8، تاريخ الزيارة 7/15م2025، متاح على الربط:

https://shorturl.at/xNkvy

- دوملي, خضر، ضمانة حقوق المكونات في دستور اقليم كوردستان ضمانة لأستقرار دائم للأقليم، موقع رسمي لاتحاد الوطني الكردستاني، تاريخ النشر2015/7/13، تاريخ الزيارة 2025/9/7, متاح على الربط:

https://pukmedia.com/AR/details/?Jimare=69284

- سادق بارزان جوهر (٢٠٢١) "نوسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان:هەرەشە و دەرفەتەکان، هەرێم نیوز، ٢٠٢١/٥/٥. (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٢).

https://www.haremnews.com/detailsWtar/1047

- محمود, کاوە (٢٠٢١) دەستووری هەریمی کوردستان و ئاستەنگ و بەربەستەکان،سایتی خەندان، ٢٠٢١/٥/٢٦. (ڕۆژی سەردانی: ٢٠٢٥/٨/٦)

https://www.xendan.org/detailwtar/5125

- Michael J. Kelly (2010) "*The Kurdish Regional Constitutionwithin the Framework ofthe Iraqi Federal Constitution: A Struggle for Sovereignty, Oil, Ethnic Identity, and the Prospects for a Reverse Supremacy Clause*", Penn State Law Review 114, no. 3 (2010)
- Vincent Compos (2024) *Iraqi Federalism: Could Soon Become an "Opportunity Lost,* Washington Kurdish Institute,17Juneuary

2024,(visited 5/7/2025) available at: https://dckurd.org/2024/01/17

# صياغة الدستور في إقليم كردستان بين الفرص والتحديات

م.م. تحسين وسو عبدالله
قسم العلاقات الدولية ودبلوماسية، كلية علوم السياسة، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كردستان العراق
TAHSEEN.WSU@SU.EDU.KRD

د.بيستون نورى عمر
قسم العلاقات الدولية ودبلوماسية، كلية علوم السياسة، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كردستان العراق
beastun.nuri@su.edu.krd

**ملخص**

يُعترف قانونيًا بإقليم كردستان كإقليم بموجب الدستور الاتحادي العراقي الجديد لعام ٢٠٠٥، مما يمنحه الحق في أن يكون له دستوره الخاص. في هذا الصدد، بُذلت بعد عام ٢٠٠٥ عدة محاولات على أعلى المستويات لصياغة الدستور، إلا أن إقليم كردستان لم يتمكن حتى الآن من وضع دستوره الخاص، الأمر الذي له تبعاته الخاصة. الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تسليط الضوء على خطوات وفرص وتحديات صياغة دستور إقليم كردستان.

في إطار نظرية البحث المتعلقة بموضوع الدستور، يتم عرض جهود كتابة الدستور والفرص والتحديات التي تواجه كتابة الدستور في إقليم كردستان. اعتمدنا المنهج الوصفي التحليلي، ومنهج التاريخ كإطار لمنهجية البحث. على الرغم من أن إقليم كردستان كان يتمتع بسلطة سياسية قبل عام ٢٠٠٣، إلا أنه لم يكن من الممكن صياغة دستور له بسبب الوضع الداخلي وعدم الاستقرار السياسي.

**الكلمات المفاتحية**: الدستور، إقليم كردستان، صياغة دستور إقليم كردستان، الفرص والتحديات.